# تکایە ئاگاداری ئەو دزیکردنە بن ....

## نامەیەك بۆ هونەرمەندان و نوسەرانی دووره وڵات ....

رزگار کۆچەر.
rzgarkochar@hotmail.com

بەرێزان و خۆشەویستان ...

پێتان سەیر نەبێت ئەگەر بڵێم ئێستا لە کوردستان رۆژنامەو گۆڤار دەرکردن سانا ترین کارە کە دەکرێت هەر چوار پێنج کەسێك کۆببنەوە و بە هاوکاری یەکێ لەم هەموو سەنەتەرو گروپانە گۆڤارێك یان رۆژنامەیەك دەربکەن , بە شەرتێ یەك لەپیاوە ماقولەکانی حزب بکرێتە خاوەن ئیمتیاز بەرامبەر ئەوەی لە سوچێکی رۆژنامەکەت وتارێك بەناوی خاوەن ئیمتیاز بنووسیت و لە پاڵیاش وێنەیەکی قۆزی کاتی گەنجی بۆ بڵاو بکەیتەوە بۆ ئەوەی مانگانە بودجەیەکی ئەستورت بۆ تەرخان بکات ..

لەگەل ئەوەش زۆر لەوانەی سەرپەرشتی دەرچوونی ئەم گۆڤارو رۆژنامانە دەکەن هەندێ جار بابەتی سایتەکانی ئەنترنێت بەتایبەتی ماڵپەرە کوردیەکان وەك خەزێنەیەکی چاکی لاپەرەکانی رۆژنامانەکانیان بەکار دەهێنن بێ ئەوەی ئەرکی پرس کردن و راوەرگرتنی خاوەن بابەتەکە بە ناردنی تەنها ئیمێلێك بخەنە ئەستۆی خۆیان بۆ ئەوەی خاوەنی بابەتەکە تا ئەگەر هەر لێپچینەوەیەك رووبەرووی کراوە ئەوە هەر هیچ نەبێت دەتوانێت بڵێت بە خوا ئاگاداری ئەم رۆژنامەو گۆڤارانە نیم کە کاسبیەکی چاك بە ناوو بابتەکانی من دەکەن !!! وەلێ ئەگەر هەر یەك لە ئێمەمانان رۆژێك لە رۆژان لەبەردەم کۆشکی یەکێ لەم رۆژنامە فرۆشانە تێپەریبێت ئەوا زۆر جار وێنەی زۆر لە هونەرمەندانی بەرچاو دەکەوێت کاتێك گۆرانیەکانیان لەگەل چەند وێنەیەکی هونەرمەند بە شێوەیەکی جوان و شایستە چاپ کراوە و بەخەتێکی جوان و سەرنج راکێشراویش نوسراوە سەرجەم گۆرانیەکانی هونەرمەند ...... بێ ئەوەی کاکی هونەرمەند ئاگاداری ئەم داهێنانە تازەیە بێت!!!

ئەگەر دەش لێن وا نیە دە پێم بڵێن ئایە کازم ساهیر ئاگادارە کە سەرجەم بابەتەکانی لەسەر هەندێ لەم بڵاوکراوانە بلاٌو کراونە تەوە بێجگە لە زۆربەی ئەو هونەرمەندە بەرێزانەی کە من مەبەستمە ئەم ئاگاداری نامەیان ئاراستە بکەم . جا لێرە دەکرێت بپرسین ئاخۆ بڵاو کردنەوەی تێکستی ئەم گۆرانیانە بە پرس و رای هونەرمەندان بووە؟؟؟؟

یان تەنها بۆ بازار گەرم کردن و جۆرێك لە بازرگانی کردن بووە کە بەشی شێری داهاتەکەی بەر ئەو کەسە کەوتوە کە لە داهێنانێکی تازەگەریدا ئەویش وەك گۆڤار و بڵاوکراوەیەکی ئازاد مێزو کۆشکی رۆژنامەنووسانمانی زێدە تر و قەرەباڵغ دەکات تا هەر هیچ نەبێت بڵێن ئەها دە بزانن چ ئازادیەکی رۆژنامەنوسی لە کوردستان هەیە !!!

ئامۆژگاریم بۆ نوسەران و هونەرمەندان تکایە ئەو دەزگاو رۆژنامە و گۆڤارانە ئاگادار بکەنەوە کە بەبێ پرسی ئێوە بەرهەمەکانتان بڵاو دەکەنەوە تا لەبری هەر بابەت و بەرهەمێکی پر بایەخی ئێوە تەنها دە هەزاری چاپ بخەنە گیرفانیان ....